
### ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (ڕۆژانێ لە ڕۆژانی قوتابخانە)



ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

قوتابخانە، بەتایبەتی سەرەتایی، بەرادەیەك لە زەیندا تۆمار و چەسپ دەبێ، فراوانترین پانتایی، هەرچۆن ڕۆژانی منداڵی، لە هۆش و گۆشدا داگیر دەكات و نەك هەر بە زیندوویێتی دەمێنێتەوە، بگرە جوانتر و مزرتر و رەنگینترو شیرینتریش دەبێ، ئێستاكەش، نەك كە بەلای قوتابخانەكەی سەرەتاییدا گوزەر دەكەم، بەڵكو هەر كە ناوەكەی بەبیرمدا دێ هەر هەموو دێنەوە یادو، وروژانێ لە دوتۆی ئەلبوومی یادگارەكانی ڕۆژانی تەمەندا دەكات، خودا شایەتە هەژانی وا بە گوڕو تین نەبووبێ، بووژاندنەوەی سەرجەم هەستەكانە لە سای ئەو ساتە یادەوەرییەدا، بۆنی تەباشیر و، قەڵەم دادان و لاستیكی سڕینەوە و، دەنگی زەنگ و، وانە وتنەوە و.... تەنانەت بۆنی شیری كوڵاو – ئەو ساڵانە شیریان بە قوتابیان دەدا و دەبێ هەر قوتابییە دۆلكەیەكی فافۆنی بە پشتێنەكەیەوە بكردایە- جگە لەوەی بۆنی ئەو ڕۆن ماسییەی، كە دەیاندایێ و، قوتابی چەتوونی ئەوتۆ هەبوو، دەیخستە سەر ئەو سۆپایەی

لەناو قەفەزێکی ئاسنین لە گۆشەیەکی پۆلەکەدا بوو، بۆنی نەوت و ڕۆن ماسیی سووتاو، مامۆستاکانی ناچار دەکرد، بەو زستانە سارد و تەڕ و تووشانەی جاران، لەگەڵ کردنەوەی پانکەدا سەرجەم پەنجەرە ودەرگاش بکرێتەوە و لەولاشەوە دارو فەلاقە ئامادەبوو.

قوتابخانەکەمان، قوتابخانەی (ئەیوبیە) بوو، لەسەر تابلۆکەی نووسراوە، ساڵی (١٩٢٤-١٩٢٥)دروست کراوە، واتە لە قوتابخانە هەرە دێرینەکانی سلێمانییە، یەکەم بەڕێوەبەرمان مامۆستا ( جەمال سەلیم)بوو، چونکە پێشتر ئەفسەربوو بوو، بەیانیان کە ریز دەکراین و ئاڵا هەڵدەکرا، گەلێك گوشاد دەبوو، جارانی ئەفسەری خۆی دەبینییەوە، وای دەبینی لەبەردەم لەشکرێکی سەربازیی (کۆماندۆ)ی ئەڵمانیدایە و مەشقی تەیارکردن و خوێن گەرمی بەرەنگاربوونەوەیەکی گەورەیان دادەدا، هاواری دەکرد بێچوە شێرانی وەتەن وریابن، پشووبەن.. نیوەی گەڕەکی (چوارباغ)ی بە ئاگادەهێنا، سروودمان دەگوتەوە و، گەلێك جار دەمەتەقێی جوانەکەی (بێکەس)مان دەنواند:

(تۆ چیت؟ من کوردم، نەتەوەی گوردم
خۆ ترسنۆك نیت ؟ حاشا نە بەردم
چی تۆی لەناوبرد؟ دوو دڵی و نیفاق
چۆن رزگار ئەبی ؟ هەر بە ئیتتیفاق
بڵێ چیت ئەوێ ؟ بەرزی وەتەنم
بە خۆڕایی نا، بە گیان و تەنم
چیت لە بارایە ؟ خۆ فیداکردن...)

پاشان زانیم ئەو سروودانەی (زێوەر) و(بێکەس) چ کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر هزری کوردایەتیمان هەبوو، پێشینان، رەحمەت لە گۆڕیان، دەیان گوت:( هەر دەوەنە و دەبێ بە دار) بەڵێ وا دەرچوو، کاتێك لە وێنەیەکی ئەو ساڵەی لە پۆلی چواری سەرەتاییدا بووم، لە هاورێکانم دەڕوانی، بۆم دەرکەوت، پتر لە نیوەیان لە رێگای کوردستان دا شەهیدکراون.

ئەو قوتابخانەیەمان، لە قوتابخانە سەرکەوتوو دیارەکانی شار بوو، بەتایبەت لە بوارەکانی چالاکییەکاندا، وەرزش هونەر، چالاکی دیدەوانی، زیاتر مامۆستا(جەمال ئاغا) سەرپەرشتی دەکرد، دەبێ ئەوەش بڵێم، لەسەردەمی مامۆستا (رەشێ فەنی مەلا عەلی سەرکارێز) دا خوالێخۆشبێ، کاتێ بەڕێوەبەربوو، مامۆستایەکی ئەدیب و کوردپەروەرێکی بێ غەل و خەوش بوو، تیپی دیدەوانی لە قوتابییەکان هەڵبژێردرا، منیش کە لە گشتیان گچکەتر بووم، بەشدارییان پێ کردم، کە دەڵێم گچکە بووم، ئەو دەمە زۆربەیان، یان لە دەرەوەی شارەوە هاتبوون، یان ئەوەتا لە خوێندنی حوجرەو مزگەوتەوە خرابوونە سەرخوێندنی قوتابخانە، لەبیرمە، لە پۆلی چواری سەرەتاییدا بووم، زۆربەیان ریش و سمێڵیان هاتبوو دووان سیانێکیان خاوەنی ژن و منداڵ بوون، بەهەرحاڵ کرامە دیدەوان و، وا رێکەوت (مەلیك فەیسەڵی دووەم)سەردانی سلێمانی کرد، ئێمەشیان بردە دەشتی وەیس، کە دەرووی شاربوو، واتە بەرامبەر بارەگای (لقی ٤ پ. د.ك) ی ئێستا، بەڵام با بۆخوا بڵێم، چۆن دیدەوانێك بووم، وێنەیەکی ئەو پێشوازییەم هەبوو، ئافەرین بۆ دیدەوانییەکەی من! لە پێشوازی خاوەن شکۆدا دانیشتووم و خەوم لێ کەوتووە!!

زۆربەی قوتابیانی ئەو سەردەمە حەزیان لە کڵاو لە سەرکردن و بەستنی پشتێنی تەرەقدار و لە بەرکردنی جلی کوردی بوو، بڕیارێك هات، کە ئیدی نابێ قوتابی بە پۆشاکی کوردییەوە بێتە قوتابخانەوە.

دەبێ چاکەت و پانتۆڵ لەبەرکەن، ئەمە بووە گرفتی زۆربەی قوتابییەکان و بەرگی ئەفەندیانەیان بەلاوە سەیر بوو جگە لەوەی بەرگە کوردییەکە توندوتۆڵ بوو، لەهەمان کاتدا جێگای کتێب و دەفتەر و زۆرشتی دیکەبوو، ناچار هەر یەکە چاکەت و پانتۆڵەکەی لە توورەکەیەك دەناو بەر لە چوونە ناو قوتابخانەوە بەسەر پۆشاکە کوردییەکەدا

**ئێستاکەش، نەک کە بەلای قوتابخانەکەی سەرەتاییدا گوزەر دەکەم، بەڵکو هەر کە ناوەکەی بەبیرمدا دێ هەر هەمووی دێنەوە یادو، وروژانێ لە دوتۆی ئەلبوومی یادگارەکانی رۆژانی تەمەندا دەکات، خودا شایەتە هەژانی وا بە گوڕو تین نەبووبێ**

لەبەریان دەکرد، سەیر لەوە دابوو منیش کە خۆم کوڕە(ئەفەندی) بووم، وەکو ئەوانم دەکرد رۆژێك بەڕێوەبەر پێی زانیم گووتی باشە کاکە تۆ بۆ ؟!

دیارە لەناخدا حەزم نەدەکرد لە هاوەڵەکانم جیا ببمەوە، دەمزانی (گەر بچیتە شاری نابینایانەوە، دەبێ دەست بە چاوانتەوە بگری) رۆژان هات و لە شانۆیی (وانەی رەشبەڵەك) دا، گەیشتمەوە ئەو قەناعەتەی!

نابێ دەست بە چاوانمەوە بگرم...

**حەزم نەدەکرد لە هاوەڵەکانم جیا ببمەوە، دەمزانی(گەر بچیتە شاری نابینایانەوە، دەبێ دەست بە چاوانتەوە بگری) رۆژان هات و لە شانۆیی (وانەی رەشبەڵەک) دا، گەیشتمەوە ئەو قەناعەتەی! نابێ دەست بە چاوانمەوە بگرم...**

## دلبەر جزیری:

# لە ڕێگای گۆرانییەوە دەتوانین زمانەکەی خۆمان بپ



**کچە گۆرانیبێژ دلبەر جزیری خاوەن ستایلێکی تایبەت بە خۆیەتی، بەڵام وەك خۆی دەڵێت توانای هەیە کە بە هەموو ستایلەکان گۆرانی بڵێت، تەنانەت هەوڵ دەدات گۆرانیی فۆلکلۆریش بڵێتەوە، دلبەر لە دەرفەتێکدا وەڵامی چەند پرسیارێکی گوڵانی داوەوە دەربارەی بەرهەمی نوێی کە بریتییە لە گۆرانییەك بە زمانی ئینگلیزی و چەند پرسێکی دیکە.**

*** تاچەند لەو ستایلەی خۆتدا سەرکەوتوویت؟**

- هەموو ئەو گۆرانییانەی کە من گوتوومن بوونەتە هۆی پێشکەوتنم، بەڵام من هەست دەکەم بەو ستایلە نوێیەی کە هەڵمبژاردووە زیاتر سەرکەوتوو بم و هونەرەکەی خۆم پێش بخەم، ئەم پێشکەوتن و سەرکەوتنەی ستایلی خۆم بوو بە هۆی ئەوەی کە دوایین گۆرانیم هەر بە خۆم تێکست و میلۆدییەکەی دابنێم، پەنا بە خوا لە کاتێکی نزیکدا دەست دەکەم بە تۆمار کردنی ئەو گۆرانییە بە کلیپ لە وڵاتێکی ئەورووپی و جەماوەریش بە بینینی شاد دەبن.

***لەگەڵ ئەوەی ستایلی خۆت تایبەتە و تا رادەیەکیش لە رۆژئاواییی نزیکترە، بەڵام بیرت لە وتنەوەی گۆرانیی فۆلکلۆری نەکردووەتەوە؟**

- بێگومان بیرم لەوە کردووەتەوە کە گۆرانیی فۆلکلۆری بڵێم، چونکە بۆ ئێمە زۆر پێویستە، بەڵام لە ئێستادا من دەمەوێت خۆم تێکست و میلۆدی هەندێك لە گۆرانییەکانی خۆم دانێم ئینجا بیر لە هەنگاوی دیکە دەکەینەوە و کاری بۆ دەکەین.

***ئایا ئێمە تا چەند پێویستیمان بە موزیکی راپ و جاز هەیە؟**

- ئەم جۆرە موزیکانەش زۆر پێویستن، چونکە زۆر لە گەنجانمان حەز لەو جۆرە موزیکە دەکەن، من خۆم یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر حەز دەکەم گوێی لێبگرم.

*** وەك کچێك کاتێك دەستت بە گۆرانی وتن کرد بەو ستایلە تایبەتە چ ڕێگرییەکت هاتە پێش؟**

-سەرەتا کە دەستم بە کاری هونەری و موزیك کرد، هیچ کەسێك پشتگیری لێنەکردم یان پشتیوانم بێت، دواتر مستەفای برام بە هەموو شێوەیەك پشتگیری کردم و هاوکارم بوو، بۆ ئەوەی لە کاری هونەری بەردەوام بم، بۆیە لە ڕێگای گۆڤاری گوڵانەوە زۆر سوپاسی دەکەم

# ـــــارێزین و زیاتری بناسێنین



که بووه هۆی ئەوەی من بگەمە ئەو ئاستەی ئێستام.

*** له رووی ئەکادیمییەوە چیت لە بواری هونەر خوێندووە؟**

-نەخێـر لە هیچ پەیمانـــگا یان کۆلێژێکی هونـــەری لەبواری گۆرانی و موزیـــك نەمخوێندووە، دەنگ خۆشـــی تەنیا بەهرەیەکە خـــوای گەورە پێی بەخشیوم،منیش بەم بەهرەیە دەستم داوەتە کاری هونەرییەوە.

*** بـــە چەند زمانی دیکـــەی بیانی جگە لە زمانی کـــوردی گۆرانیت گوتووە؟**

- بە کوردی کە زمانی دایکە گۆرانیم گوتووە، هەروەها جگە لە کوردی بە زمانەکانـــی دیکەی وەك ئەڵمانی، تورکی، عـەرەبی گۆرانیم گوتووە، گۆرانی داهاتووشم بە زمانی ئینگلیزییە کە کارەکانی تەواو بووە لە کاتێکی زۆر نزیکدا وەك کلیپ بڵاوی دەکەمەوە.

*** زۆر لـــە هونەرمەندان بە زمانی بیانی گۆرانـــی دەڵێن جگە لەزمانی کوردی، پێتوایە ئەم کارە کاریگەریی چۆن دەبێت لەســـەر هونەری کوردی بە ئەرێنی یان نەرێنی؟**

- بە رای من کارێکی خراپ نییە کە بە زمانی میللەتانی دیکە گۆرانی بڵێیـــت، چونکە من بە کوردی گۆرانی دەڵێـــم کە زمانی دایکە و بۆ هەمـوو هونەرمەندانی کوردیش بە هەمان شـــێوەیە، بەڵام ئەمە دەمێنێتەوە سەر ئەوەی من چەند حەز دەکەم بە زمانەکانی دیکە گۆرانی بڵێم، وەك ئەلبانی، ئەڵمانی، تورکـــی بۆ ئەوەی کچێکی تورك فێری گۆرانیـــی کوردی بێت یان تەنانەت هەوڵیداوە خۆی فێرە زمانەکەش بکات ئەویش لە رێگای ئەو گۆرانییەوە، من زۆر خۆشـــحاڵم کە کچێکی تورك گوێ لـــە گۆرانییەکانی من بگرێت و لە رێـــگای گۆرانییەکەی منەوە خۆی فێرە زمانی منیش کرد و ناچارە زانیاری دەربـــارەی هونەر و کلتووری نەتـــەوەی کوردیش بزانێت، چونکە کە حەزت لە هونەری میللەتێك کرد حەز لە کلتوورەکەشـــی دەکەیـــت و دەتەوێت زیاتر بەو میللەتە ئاشنابیت.

*** بەدەر لەو ســـتایلەی پێی ناسراویت دەتوانیت بە شێواز و ستایلی دیکەش گۆرانی بڵێیت؟**

- بێگومان دەتوانم بە هەر ستایلێکی کوردی گۆرانی بڵێم، تەنانەت دەتوانم گۆرانیی فۆلکلۆریش بڵێم، بۆ من وەك دلبەر جزیری ســـتایلەکان جیاوازییان نییە و زۆر پێویستە هونەرمەند بتوانێت بە هەموو ستایلەکان گۆرانی بڵێت.

*** تا ئێستا گۆرانیی فۆلکلۆریت گوتووە؟**

-نەخێر تا ئێســـتا هیـــچ گۆرانییەکی فۆلکلۆرم نەگوتـــووە، بەڵام ئەگەر گۆرانیی فۆلکلۆریشم گوت یان بە کلیپ تۆمارم کرد ئەو کاتە ئەو گۆرانییە بەو شـــێوەیە دەڵێم کە من حـــەزم لێیەتی واتە بەپێی حـــەز و ئارەزووی خۆم گۆرانییەکە هەڵدەبژێرم و پێشکەشی جەماوەری خۆمی دەکەم.

*** زۆر جار گوێمان لەوە دەبێت کە بەشـــێك لەو ئافرەتانەی ئێستا لە بواری موزیـــك و گۆرانیی کوردیدا بوونیان هەیـــە توانا هونەرییەکانیان دیاریکراوە و زیاتر پشت بە خۆ نمایش کردن دەبەستن لەوەی پشت بە توانا و دەنگی خۆیان ببەستن، رای تۆ بەرامبەر بەم قسەیە چییە ؟**

- من ناتوانم و مافی ئەوەم نییە لەســـەر هیچ هونەرمەندێك قسە بکەم یان بەرگری لێبکەم، بەڵام دەتوانم تەنیا باســـی خۆم بکەم، من خۆم لە ئاستێکی بـــەرزی هونەریدا نابینم، چونکە من بەو هونەرەی پێشکەشـــی دەکەم خزمەت بە میللەتی کورد دەکەم لە هەر شـــوێنێك بێت و کاتێك کە دەبینم میللەتەکەم لە خۆشـــی و شادیدا ژیان بەســـەر دەبات و رازییە لە کارە هونەرییەکانی من ئەمە زیاتر دڵخۆشـــم دەکات و هەست دەکەم خزمەتێکم پێشکەش کردووە، من خۆم نە لە کەس بەرزتر دەبینم و نە خۆشم لە کەسیش نزمتریش دەبینم، ئێمە هەمووممان مرۆڤین و هیـــچ جیاوازییەکمان نییە، من رێزێکی بێ پایانم بۆ میللەتی کورد هەیە، حەز ناکەم شـــتێك بکەم هەســـتی میللەتەکەم بریندار بێت.

*** لە خانەوادەکەی ئێوە تەنیا تۆ هونەرمەندیت یان هونەرمەندی دیکەشتان لێ هەڵکەوتووە؟**

- جگە لە من لە خانەوادەکەی خۆماندا مستەفای براشم کاری هونەری ئەنجام دەدات و هەر ئەویش بوو پشـــتگیری کردم و هانیدام بۆ بەردەوام بوون و منی فێرە کارە سەرەتاییەکانی گۆرانیی گوتن کرد.

*** لە تێکســـتدا پشـــت بـــە چی دەبەســـتیت؟ کێ زیاتر تێکســـت بۆ دەنووسێت؟**

-تا ئێستا من گۆرانییەکانی خۆم نەنووسیوەتەوە ئەوەی گوتوومە کەسانێك پێشکەشیان کردووم، تەنیا گۆرانیی داهاتووم نەبێت.

*** شاری هەولێرت چۆن بینی؟**

-هەولێری پایتەختی کوردستان رۆژ بە رۆژ جوانتر و پێشکەوتووتردەبێت، من زۆر حەز دەکەم لە شـــاری هەولێر بم، هەمیشـــە خۆشحاڵ دەبم کە دێمە ئەم شارە .

## بیونسی شوێنی مادۆنای گرتەوە

لیژنەی ناوبژیوانی پاڵەوانییەتی (سوپەر پۆل ٢٠١٣) بیونسی نیوسیان دیاریکرد بۆ گێرانی ئاهەنگی نێوان هەردوو گێمی یاری کۆتایی پاڵەوانیەتیی تۆپی پێی ئەمریکی کە یەکێکە لە پڕجەماوەرترین وەرزشەکان لە ئەمریکا.

بەپێـــی رۆژنامەی (کلۆزیر)ی فەرەنســـی یەکێك لە بەرپرسەکانی پاڵەوانیەتییەکە رایگەیانـــد لیژنەکە کەســـیان لە بیونســـی پێ باشـــتر نەبـــوو بۆ ئەوەی شـــوێنی مادۆنای شاژنی پۆپی ئەمریکـــی بگرێتەوە بۆ گێڕانـــی ئاهەنگی کۆتایی پاڵەوانێتییەکـــە، چونکە تیپێکی گەورەی موزیك لـــە ئاهەنگەکـــەدا بەشدارە کە پێکهاتووە لە ٣٧ سەماکاری کچ و کوڕ و ١١٥ تەکنیککار ئاهەنگەکـــەی پار نزیکـــەی ١١٤ملیۆن کەس ســـەیریان کرد و ١١ ملیۆن کەســـیش لەســـەر یوتیۆب بینییان.

بیونسی لەگەڵ لیژنەکە گەیشتووەتە رێکەوتنی کۆتایی ســـەبارەت بە گێڕانـــی ئاهەنگەکە کە رۆژی ٢٠١٣/٢/٣ لە شـــاری لویزیانا لە ویلایەتی نیوئۆرلیانز بەڕێوەدەچێت، بەڵام تا ئێســـتا بڕی ئەو پارەیەی لەســـەری رێککەوتوون ئاشـــکرا نەکـــراوە، لەلایەکی دیکەوە ســـاز کردنـــی ئـــەم ئاهەنگـــە رەت کردنەوەی هەواڵی دووگیانیی بیونســـییە کە هەندێك لە دەزگاکانـــی راگەیاندن باسیان لێوە کردبوو.



## هونەرمەندێکی بەریتانی بەک

دامیان هیرست کە هونەرمەندێکی شێوەکاری بەریتانییە بە کوشـــتنی ٩ هەزار پەپولە تاوانبار کراوە کە وەك بەشـــێك لـــە کارە هونەرییەکانی بەکاری هێناون.

لـــەم بارەیـــەوە رۆژنامـــەی (دەســـتوور)ی ئەلیکترۆنـــی رایگەیاند کەوا هێرســـت دوایین نمایشی خۆیدا کە لە لەندەن ئەنجامدرا کۆمەڵێك پەپولەی زیندووی بەکار هێنابوو کە لە ژوورێکدا دەسووڕانەوە، ئەم نمایشە نزیکەی ٢٣ هەفتەی خایانـــد لـــە کۆتایـــی نمایشـــەکەدا دەرکەوت کەوا نزیکـــەی ٩ هەزار پەپولە لـــەو ماوەیەدا لەناوچوون، سەرپەرشتیارانی پیشانگاکە هەفتانە نزیکەی ٤٠٠ پەپولەیان دەهێنا بۆ ئەوەی شوێنی لەناوچووەکان بگرنەوە، لەم بارەیەوە مارتن وارین بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمەڵەی پاراســـتنی پەپولـــە وتی: کارێکـــی زۆر نابەجێ و مایەی خەمێکی زۆرە کە دەبیســـتین ئەم ژمارە زۆرەی پەپولە لەناو دەبردرێن، ئەمە رەفتارێکی دڕندانەیە بەرامبەر بـــە گیانەوەری زیندوو ئەنجام دەدرێت لـــە هەمان کاتدا هانی رێـــز نەگرتن لە ژینگە دەدات، بۆیە پێویســـتە سنوورێکی بۆ دابنرێت و ئەم کارەش وا بە ئاسانی تێنەپەڕێت.

## ساندرا بێزی لە خۆی دەبێتەوە

خانمـــە ئەکتـــەری نـــاوداری ئەمریکی ســـاندرا پۆلۆك لە ریکلامێکی تەلەفزیۆنیدا دەرکەوت، بەڵام بە شـــێوەیەکی زۆر جیاوازتر لـــە دەرکەوتنەکانی پێشـــووتری ئەوەی پێی ناسرابوو لەسەر ئاستی جیهان.

ریکلامەکەی لە ژوورێکی خۆشووشـــتنی تایبەتی فەرمانبەران وێنـــە گیراوە لەگەڵ راگەیاندنکاری ناودار چیلسی لاتلی، ساندرا لەکاتی ریکلامەکە روو لە چیلســـی دەکات و پێی دەڵێت: «تۆ ئێســـتا بەرپرسیارییەتیت لەسەر شانە بۆ ئەوەی ئافرەتێکی بەڕێز بیت لە بەرنامەیەکی گفتوگۆییدا، من راستەوخۆ ئەم قســـەیەت پێ دەڵێم لە دەمی ئۆپیراوە بۆ گوێچکـــە و دەمی بۆ دەرەوە و بۆ تۆ» هەر لەو ریکلامەدا کاتێك ساندرا ویستی زللەیەك لە چیلســـی بدات، رووی تێدەکات و دەڵێت: پێویستە واز لە موجامەلەی وروژێنەر بهێنیت لەگەڵ میوانەکانت، ئینجا ســـەیری لەشی چیلســـی و خۆی دەکات و دەڵێ: زۆر بە بێزە، ئەمە جۆرێکە لە نەخۆشـــی خواتان لەگەڵ.



## خۆشەویستەکەی میل گیـ

ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی میل گیبسۆن پێوەندییەکی نوێی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتێك درووســـتکردووە کە لەرووی جەستەییەوە بەهێزە، چونکە خۆی ویســـتویەتی ئەم جـــارە پێوەندی لەگەڵ ئافرەتێکی بەهێز هەبێت.

خۆشەویستەکەی میل گیبسۆن ناوی ئاشلی کۆساتۆیە و وەك ئەکتەری جێگرەوە کار دەکات و یاریزانی کاراتێ و هەڵگری پشتێنی قاوەییە بۆیـــە زۆر جوولەی ترســـناك ئەنجام دەدات لە فیلمەکان و تا ئێستاش چەندین رۆڵی ترسناکی بینیوە لە جیاتی هەر یەکە لە ئەکتەران دینیس





# شەڕی لەگەڵ دڕندەکان بەردەوامە


ئەستێرەی سینەمایی جیهانی میلا یۆڤۆڤیتش بەردەوامە لە نواندنی ڕۆڵی خۆی وەك جەنگاوەرێکی سەرسەختی بوونەوەرە سەیر و دڕندەکانی لە بەشی پێنجەمی زنجیرە فیلمی (ریزیدنت ئیڤیل).

لە چوار بەشی پێشووی ئەم زنجیرە فیلمە ترسناکەدا میلای بە ڕەچەڵەك کرواتی ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد و لەسەر ئاستی جیهان ناسرا، چونکە پێشتر ناوبانگی لە کچە نمایشکارێکی جلوبەرگ زیاتر نەبوو، لەم بارەیەوە میلا دەڵێ: ئەمە شتێکە باوەڕ ناکرێ، چونکە ئەگەر بۆ بەر لە ١٥ ساڵ بگەڕێینەوە دەبینین ئەو کات شتێکی ئاسان نەبوو کە کچێك بتوانێت شەڕ لەگەڵ دڕندەکان بکات، یاخود ئافرەت ڕۆڵی بەهێزترین کەسی هەبێت لە فیلمێکدا، چونکە پێشتر کچ تەنیا ڕۆڵی کەسێکی هاوڕێ یان نزیکی بەهێزترین کەسی نێو فیلمی دەبینی، من زۆر خۆشحاڵم کە لە ڕێگای ئەم زنجیرە فیلمەوە ئێمە گەیشتینە بارودۆخێك کە کچ ڕۆڵی پێشەنگ ببینێت.

سیینا گیلۆری یەکێکە لە پاڵەوانی دوایین بەشی (ریزیدنت ئیڤیل) و ڕۆڵی جیل ڤالێنتاین دەبینی، دەربارەی ڕۆڵەکەی دەڵێ: پێویستە پیاوان هیچ کاتێك گاڵتەیان بە هێزی ئافرەتان نەیەتەوە، ئێستاش توندوتیژی زۆر بەرامبەر بە ئافرەتان هەیە لە سەرتاسەری جیهان، هیوادارم خەڵك سەیری ئەم فیلمانە بکات بۆ ئەوەی بزانن ئێمەی ئافرەتیش زۆر زۆر توندوتیژین ئەگەر ڕێزمان نەگیرێ.

فیلمەکە بە دەرکەوتنی میلا لە ماڵی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەی و کچەکەی دەست پێدەکات کە تا ئەو کات ژیانێکی ئاسایی و سادە بەسەر دەبەن، بەڵام لەناکاو ڕووداوەکان دەگۆڕێن کاتێك بوونەوەرێکی دڕندە و سەیر کە هێرش دەکاتە سەر هاوسەرەکەی، دواتر ڤایرۆسێك پەیدا دەبێت کە مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ بوونەوەری سەیر و دڕندە کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن، ئەم ڕووداوانە وەك هەمیشە لە فیلمەکان میلا دەبینرێن فیلمەکە لە ڕێڕەوێکی هێمنەوە دەگۆڕن بۆ توندوتیژی.

## ـــوشتنی پەپولە تاوانبار دەکرێت



## ـــبسۆن یاریزانی کاراتییە

ریتچاردز و ئیمیلی دیشانیل.

بەپێی سەرچاوەکان ماوەی دوو مانگە گیبسۆن و کۆساتۆ پێوەندییان هەیە و لە ڕێگای چەند هاوڕێیەکیان یەکتریان ناسیوە، شایەنی گوتنە پار گیبسۆن و ڕۆبن رایتی هاوسەری دوای ٣١ ساڵ ژیانی هاوسەرێتی جیابوونەوە، دواتر پێوەندی لەگەڵ گۆرانیبێژی ڕووسی ئۆکسانا گریگۆریا هەبوو و منداڵێکیشی لێی هەبوو، بەڵام دواتر جیابوونەوە دوای ئەوەی گیبسۆنی بە دەستدرێژی کردنە سەری تاوانبار کرد.



### یاسین قادر بەرزنجی

# لە کتێبخانەی گشتیدا بوومە خوێنەرێکی جددی و

زۆر لە هونەرمەندان جا لە هەر بوارێکدا بن بەتایبەتی بواری نواندن، بەجۆرێك شوێنی خۆیان لە دڵی جەماوەردا دەکەنەوە کە ئاشنایەتییەکی زۆریان پێی هەبێت و هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە نزیکەوە بیانناسن و زۆر جار بەراوردیش لەنێوان هونەرمەندەکە و یەکێك لەو کەسایەتییانە دەکەن کە لە کارێکی دیاریکراودا بەرجەستەی کردووە، جا ڕۆڵێکی خێرخواز بێت یان کەسایەتییەکی شەڕانگێز یانیش کەسایەتییەك بێت لە نێو کۆمەڵگادا تا ڕادەیەك بڤە بێت، یاسین قادر بەرزنجی لەو هونەرمەندانەیە کە زۆرێك لەو کەسایەتییانەی بینیوە،بۆیە لەلایەن جەماوەرە ناسراوە، ئەمە سەرەڕای ئەو نووسین وریپۆرتاژە کۆمەڵایەتییانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردۆتەوە، بۆیە حەزمان کرد دوور لە هونەر چەند پرسیارێك ئاراستەی هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی بکەین.

***ئەو قسەیە چییە کە زۆر حەزت لێیەتی بیڵێیتەوە؟**

-دنیایەکی سەیرە گوڵم! کەناونیشانی شیعرێکی شامیلۆیە.

***ئەو قسەیەی کە کەیفت پێی نایەت؟**

-ستایش لە خۆکردن.

***ئەو شتە چییە کە زۆر تووڕەت دەکات؟**

-ناهەقی و درۆکردن.

***زیاتر حەزت لەکام گۆرانی و گۆرانیبێژە؟**

-زۆرن، بەپێی ساتەکانی ژیان و سرووتەکانی گوزەران دەگۆڕدرێن، بەڵام هەمیشە حەز بە عەلی مەردان و خالقی و عەدنان کەریم و ئوم کەلسوم و ئەساڵە و کازم ساهیر و شەجەریان دەکەم.

***ئەو کاتانەی تەنیایت کام گۆرانی لەبەر خۆتەوە دەڵێیتەوە؟**

-کزەی جەرگانم ماڵی وێرانم، قاپیم لێوەکە ئەمشەو میوانم.

***ناخۆشترین دەنگ لەلای تۆ دەنگی چییە؟**

-ئەوانەی دەنگیان دەگۆڕن، یان بابڵێم لە ئاخافتندا (تصنع) دەکەن.

***ئەی خۆشترین دەنگ چییە؟**

-ئەوانەی لە دیتن بێ یان لە تەلەفۆندا بە پەرۆشەوە لە تەندروستیت دەپرسن.

***حەزت لە کام وەرزشە؟**

-مەلەوانی، جارانیش باسکە.

***زیاتر حەزت لەکام شارە؟**

-بێگومان سلێمانی.

***ئارەزووت لەکوێیە لێی بژیت؟**

-هەر سلێمانی.

***پەشیمانی زۆرت بۆ چی بووە؟**



## ...ی دوور لە هونەر....

# سەدان نووسەر و رووناكبیر و خەمخۆرم ناسیوە





-لەدەستدانی هەندێك دەرفەتی زێڕین، هاوڕێیەتی كەسانێك كە هی ئەوە نەبوون قومە ئاوێكیان لەگەڵدا بخۆیتەوە.

***ئەی بەرامبەر خۆت؟**

-لەهەر هەڵەیەكی ژیانی رۆژانە، كە لەو بڕوایەدام كەس نییە هەڵەی نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی كار دەكەن.

***چ دیوانە شیعرێك زۆر لەلات نازدارە؟**

-دیوانەكانی نالی و مەحوی و گۆران.

***كاریزمای چ كەسێكی كۆچ كردوو لەسەرت هەیە؟**

-باپیرم(مەلا مستەفای سەفوەت)ی زاناو ئەدیبی نەمر.

***چی دەتگریەنێت؟**

-مەرگی ئازیزان، ئازارو گریانی خۆشەویستان، هەندێ شیعرو گۆرانیی بەسۆز.

***چی وات لێدەكات پێبكەنیت؟**

-قسەی زۆرخۆش، هەندێ كرداری لەدایكبووی ساتی خۆیان.

***تۆ لە منداڵیدا حەزت دەكرد چ كارە بیت، واتە كە گەورە بوویت چ كارێك بكەیت؟**

-لە دیتنی فلیمەكانەوە پارێزەری، یاخود ئەكتەری.

***زیاتر حەزت لە كام خواردنە؟**

-هەر خواردنێك زوو ئامادەبێت و خاوێن و بەتام بێت و مەزاجی رۆژانەش رۆڵی هەیە.

***تا ئێستا چی تۆی هێناوەتە جۆش؟**

-سەركەوتنی گەلەكەم، دەسكەوتە نەتەوەییەكان، ئاوەدانی و جوانبوونی شارو وڵات، لەسەر ئاستی شەخسیش بەئاكام گەیشتنی بەرهەمە هونەرییەكانم و چاپكردنی كتێبەكانم.

***ڕقت لە كام تایبەتمەندیی خۆتە؟**

-دڵسافی لە رادەبەدەرو هاوكاریی دەیان جارەی كەسانی بێ ئەمەك.

***ئەی كام تایبەتمەندیی خۆتت پێ باشە؟**

-سادەیی و خاكەڕایی و ریزگرتن لە خەڵكی بە منداڵی بچووكیشەوە.

*** ئارەزووەكانت چین؟**

-گوێگرتن لەئاوازو موزیك، دیتنی سروشتی جوان و تەماشای هونەری لاوە بەهرەمەندەكان.

***لەچی خۆت پەشیمانیت؟**

-تووڕەبوون و هەڵچوونی هەندێك جار، كە بەزوویی پەشیمان دەبمەوە.

***ئەی ئەو وشانەی دڵگیرن لەلات؟**

-بانگ كردنی هەندێ كچ و ژن بە وشەی(دایە) كە شایەنی ئەو وشەیە بن، لەگەڵ داوای (لێبوردن) كە بەبڕوای من زۆر كەس لایان شەرمە داوای لێبوردن لە هەڵەو بێ مەوعیدی و شتی دیكە بكەن.

***لە چی دەترسیت؟**

-وەك خۆم، پێشكەشكردنی بەرهەمی كاڵ وكرچ لە هونەرو نووسیندا، وەك نەتەوەكەشم لە هەر پێشهاتێك زیان بە ئایندەی گەلەكەمان بگەیەنێت.

***خۆشترین جێگا بۆ تۆ كوێیە؟**

-نێو كتێبخانەو شانۆ و باخی گشتی و ماڵەكەی خۆم.

***بەرامبەر ژیانی وەزیفیت لەخۆت رازیت؟**

-بەڵێ، چونكە بەشایەتیی یارو نەیار بە باشی و بەپێی توانای خۆم خزمەتی فەرمانگاكەمم كردووە.

***ئەی لە بەرامبەردا فەرمانگەكەت و كەسانی دەوروبەر بەرامبەر تۆ چۆن بوون؟**

-زۆرباش بوون، لە كتێبخانەی گشتیدا بوومە خوێنەرێكی جددیی و نووسەرو بەهۆیەوە سەدان كەسانی روناكبیرو خەمخۆرم ناسیوە، كەسانی راستگۆش بەهۆی كتێبخانەوە خۆشیان ویستووم و ریزیان لێگرتووم.

***ئەو كەسانەی كە حەز دەكەیت هەمیشە لەگەڵت بن و لەگەڵیان بیت كێن؟**

-ئەندامانی خێزانەكەم و خوشك و براكانم و خاڵ و كەسە نزیكەكانم و هاوڕێ دێرین و نوێیەكانم كە یەكجار شیرینن لە دڵمدا.

***حیكمەتێك كە هەمیشە لەیادت بێ؟**

-فەرموودەیەكی پێغەمبەر (د.خ) كە دەڵێت «خۆت لە خراپەی ئەو كەسە بپارێزە كە چاكەت لەگەڵ كردوە».

***ئەو پرسیارەی كە تۆ دەتویست لێت بپرسن و تا ئێستا لێت نەكراوە چییە؟**

-كەی لە هونەرو نووسین واز دەهێنیت؟ تامنیش بڵێم: كە مردم، یان كەپێم نەما..